www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 21-7-2006 10:29

ساتیر....

sarda@telia. com

## فریای کەرەکەی عەربەت کەون!.. سەردار عەبدوڵلا

### بۆ رێکخراوە کەردۆستەکان و کەرمینستی ئینتەرناسیۆناڵ:



پاشی سڵاو و رێزمان ی کوردی، پاش ئەوەی کەرێکی گوێ درێژ! لە شارۆچکەی عەربەت لاقەکرا، خاوەنەکەی بۆ سڕینەوەی لەکەی سەر شەررەفە جوانەکەی، قەتڵێکی کرد. لەگەڵ ئەمەشدا، گوێ درێژەکە باری تەندروستی لە خراپبووندایە و ژیانی کەوتۆتە مەترسیەوە. ئەو بەستەزمانە لەکونی ژورێ نراوە و دەڵێن بەزۆریش کراوە بە موحەجەبە.

جا بۆیە داواکارین، ژیانی ئەو گوێدرێژە لەدەستی نامۆسپەرستان رزگاربکەن! هەر هیچ نەبێت کەرەکە با تەسلیم بە سکرتارییەتی حیزبی کەران بکرێت!

### بانگەوازێ لە کۆمیتەی خوالێخۆشبووانی قەبرستانەکانی کوردستان بۆ پڕلەManی کوردستان!

بەڕێزان: لەدەوری سەرتان گەڕێین و لە عومری ئێمە بچێتە سەر عومرتان، فریامان کەون و بەتەنگ داواکەمانەوە وەرن.. چونکە هەر ئێوەن نوێنەری راستەقینە و میراتگری ڕاستەقینەی ئێمەی مردووان.. هەر ئێوەبوون لە چەندینساڵی رابردوودا گەورەترین خزمەتتان بە ئێمە کرد و بەرازاوەترین شێوە سەرقەبرانەکانتان بۆ ئاوەدانکردوینەتەوە. ئێمە هەرگیز ئەوە لە یادناکەین کە ئێوە زیندووانتان وەلکردووە بۆ ئێمەی مردووان! زوو زوو یادمان دەکەنەوە لە تەنگانەوە و موناسەبەتەکان!

با لەوە زیاتر سەرتان نەئێشێنین، ماوەیەکە دیاردەیەکی سەیر لە سەرقەبرانەکانمان پەیدابووە، ماوەیەکە کوڕان و کچان دێنە زیارەتمان لەبری سورەتی ئەلفاتیحا، کڵاومان بۆ ئەدروون! ئێمە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئێوە بە مەسئوول دەزانین لەم کارە کە کوڕان وکچان ناچار بن بۆ ئەم مەبەستە روو لە لای ئێمە بکەن، نازانیین شوێن براوە، لای ئێمە نەبێت. ئێمە لە ئاست خۆمانەوە دڵی کەسمان پێ نائێشێنرێت و کەس دەرناکەین. بەڵام داواکارین کە ئەوکێشەیە مەدەنیانە چارەسەربکەن، بە پێچەوانەوە، هەموو ئەو کڵاوەی کە تاکو ئێستا بۆمان دووراوە بە قەبرهەڵکەنەکاندا بۆ تانی رەوانە دەکەین بێ گومانیش بن کە سەر لە ئێوە نامێنێ کە دەرزەنێ کڵاوی بەرنەکەوێ!

لەگەڵ خۆشیتان..

### بورجی گا

بۆ لەدایکبووانی ئەم بورجە، ئەوانەی خەریکی کیشاوەرزین باشترە بچن بەلای کارێکی ترەوە، چوونکێ میریی خۆشەویست وەک کوللە و سن دوایێتی بەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکاندا و بە نیازە هەمووی قڕکات!

خەبەرێکی خۆش لە بورچی عاجەوە بەڕێوەیە بەم زووانە بە تونێلەکەی دەربەندینخانانە دەگاتە لات، گەر لە سەیتەرەکە پەڕ و باڵی نەکەن.

گەر بیرت کردۆتەوە هیو و ئاواتەکانت لە حکوومەتی یەکگرتوودا بێتە دی ئەو باشترە هەر لە ئێستاوە بچیتە خولی فێربوونی زۆڕناوە، دەنا دوایی دەبێ زۆڕناکەت بە بێ نۆتە لێبدەیت، هەڵبەت دوای خۆاردنی حۆقەیەک سییر.

بۆدانیشتوانی ئەستێرەی مەریخ، باشتر وایە سەفەرەکەیان بۆ زەوی دوابخەن، چونکە مانگ لە گەڵ هەسارەیەکی کەللەڕەق تووشی دەمەقاڵێ ئەبێت و بەم هۆیەوە تۆم و جێری خۆیان بۆ شەڕێکی قورس ئامادەدەکەن و خەڵکیش لە شەڕەکەیانەوە ئەگلێنن!

گەر بە تەمای با کڵاوەکەت نەفڕێنێ، ئەوا باشترە قەفیزێکی گەورەی لێ بەستی، ئەوسا پێویست ناکات دەستت هیلاک بکەیت!

نووکە کردن لە ئیعتیباری شەخسی و مەعنەویت کەمدەکاتەوە، دەنا دوایی تەحسین سوومعە دادت نادات، بڕۆ کارتی تەلەفۆنەکەت پڕکەرەوە باشترە!

سەفەرێکت لەبەرە، باشترە لە نەقلیاتە تازە تەعمیرکراوەکەوە نەیکەیت، چونکە سەقف و پایەکانی لە ژێر کاریگەری بورجی کاک حەفیانداو و ها کە ڕمیا!

## وەزیری بێ وەزارەت کلاشە دەکات

سەبارەت بە بوونی فەردەیەکی خەت سوور لە وەزیر لە کابینە سیاحییە تازەکەی عکومەتی حەرێمی کوردستان، یەکێک لە سەرۆکەکانی ئەم حکومەتە سەبارەت بە بوونی ئەو هەموو وەزیرە بێ وەزارەتانە رایگەیاند کە: کێشەکە تەنیا نە بوونی باڵەخانەیە و دەنا هیچ کێشەیەکی تر نییە!

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش، زۆر لە نووسینگەکانی خانوو بەکرێدان ئامادەیی خۆیان دەربڕی بۆ دەستگیرۆکردنی عکومەت، لەوانە: نووسینگەی: گەیراوە، گوێ مەدەری، قالاوە، پاقلاوە، لۆرکێ و لۆرکێ و یەکی نیسان!

سەبارەت بە نەبوونی وەزیری ژنیش، چەند وەزارەتێکی سەر بە شئوونی ژنان دروستدەکرێت و ئەم کارەش دراوەتە دەست چەند پرۆفیسۆرێکی سەرزلی پیاو ماقوڵ و چەند مەلایەکی 12 عیلم! هەندێک ناوی ئەم وەزارەتانەش ئەمانەن: وەزارەتی ئیشی دەست و کاروباری ناوماڵ، وەزارەتی بەرغەلداری و پاچەکوڵە، وەزارەتی بەرهەمهنانی سکرتێرە هەروەها وەزارەتی دڵڕاگرتنی پیاوان!

## هەوڵێکی گرنگ لە شارەزوورەوە

### برا لە پشت برا بێت.. هینی لاستیکیش پەیدائەبێت!

دەزگا و ئیدارەکانی حکوومەت، پاشی یەکگرتن و بەسەریەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکە؛ لە بەڕێوەبردنی کارەکانیاندا ئیبداع دەخولقێنن. هەر بۆیە ئەم خۆێنە یەکگرتووەش بە دەمارەکانی ئاسایشی شارەزووردا جۆش و خرۆش دەکات و لە هەڵمەتێکی قارەمانئاسا کوڕانی بەئەمەک و گیانلەسەردەستی شارەزوور، تونیان قاچاخچییەک بخەنە بۆسەوە و دەست بەسەر کەل وپەلەکانیدا بگرن. دەستکەوتەکانی کوڕانی ئاسایشیش ١٢٢ ئەندامی لاستیکی نێرینەی پیاوان بوو.

ئێستاش ئەم دەستکەوتە مەزنە تەسلیم بە حکوومەتی یەکگرتوو کراوە و لە شوێنێکی ئەمین پارێزراوە، هەواڵەکانیش وارادەگەێنن کە؛ بەپێی ڕێکەوتننامەیەکی مەبدەئی ئەو دەستکەوتە بەسەر هەردوو بەش لە ئیدارەکە بەشێوەیەکی یەکسان دابەش دەکرێت، سوپاسیش بۆ خوا کە بڕی دەسکەوتەکە تاک نییە و هەریەک لە دوو ئیدارەکە ٦١ دانەی تەواوی بەردەکەوێت، چونکە وەک ئاشکرایە ناتوانرێت بیر لەلەتکردنی ئەو ئامێرە لاستیکییە بکرێت چونکە خەساردەبێت.

یەکێک لەوەزیرکان کە تازە بۆ یەکالاکردنەوەی ئەم کەیسە دامەزراوە؛ لە راگەیاندنێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند کە: لە حاڵێکدا ژمارەی دەستکەوتەکە تاکیش دەرچوایە ئەوا هیچ کێشەیەکی بۆ پرۆسێسی دابەشکردنەکە دروست نەدەکرد، چونکە ئەودانەیەی کە دەمێنێتەوە دەدرێ بە یەکێک لە موستەحەقترین حیزبە هاوپەیمانەکانی حکوومەت، بەڵام وەزیرز ناوبراو ئامادە نەبوو کە ناوی ئەو حیزبە بەرێت!

## ئاگاداری!!!!

موسافیرە خۆشەویستەکانی شەریکەی تەیرانی کوردستان! بۆ ئەوەی سەفەرێکی دڵنیا بکەیت و لە کاتی خۆیدا بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی دووەمت باشتر وایە هەریەکەتان دەبەیەک بانزینی مەحەسەن لەگەڵ خۆتان لە ئەوروپاوە بەرنە ناو تەیارەکەتانەوە تاکو لەوە سەر بۆ گەڕانەوەتان بیدەنە دەست کاکی سەکنی تەیارەکەی کوردستان، ئەوسا دڵنیا بن کە لە کاتی خۆتان دواناکەون و دەگەنەوە ئەوروپا!

هەندێک لە بابەتەکانی بڵاوکراوەی کاریکاتێری ژمارە ١٧

www. karikater. tk